# ساڵی نوێ ی خوێندن و هەڵوێستەیەك لەمەڕ قۆناغی نوێ ی خەباتی خوێندكاران وماموٚستایان

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

ئەمڕۆ سەدان هەزار خوێندکار و قوتابی خوێندنگاو قوتابخانەکانی کوردستان ئاوەدان دەکەنەوەو لەم ڕێگەیەشەوە سەرنج و ئاستی چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگا بەرەو خۆیان و بەرەو ئەو ئاییندەیەی کە ئەوان دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەن ڕادەکێشن ! بەلام ئەوە تەنها خوێندکاران نی یە کە بەکردنەوەی خوێندنگاکان سەرنج و تیارمانەکانی کۆمەڵگاو بیروڕای گشتی بەدوای خۆیاندا پەلکێش دەکەن. بەڵکو خوێندنگاو قوتابخانەکان بە ماموٚستاو خوێندکارانەوە مانایەکی پڕاوپڕ بەخۆوە دەگرێت. بۆیە کاتێك کە قسە لەسەر کردنەوەی خوێندنگاکان دەکەین خۆ بەخۆ دەکەوینە لێکهەڵپێکانی خوێندکارو ماموٚستا لە ناوەندێکدا کە دەتوانێت ببێتە هەوێنی بنیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستدارو ئاییندەیەکی پڕشنگدارو شارستانی بخولقێنی. لەم سوونگەیەوە لەگەڵ کردنەوەی خوێندنگاکاندا پێویستمان بەهەڵوێستەیەك هەیە لەسەر کێشەوگیروگرفتە پەیوەندارەکانی خوێندکاران وماموٚستایان. دیارە ئەوەی کە ئێمە لە بواری ووتارێکی وادا بمانەوێت ئاوڕی لێبدەینەوەو تاوتوێ بکەین ناتوانێت ئاوینەوبالانمای هەموو ئەو کێشەو گیروگرفتانە بێت کە بەرۆك بە ماموٚستایان وخوێندکاران دەگرن. هەر بۆیە ئەوەی ئامانجی ئێمەیە لێرەدا ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە کێشە سەرەکی وهەنوکەی یەکانی خوێندکاران و ماموٚستایان !

خوێندنگاکانی کوردستان بەرلەوەی کە ئاوێنەیەکی بالانمابن بۆ بنیادنانی ئایندە، یا ناوەندێك بن بۆ گۆڕانکاری، بەدڵنیایەوە خۆیان پێویستیان بە بنیادنان و گۆڕانە ! زۆرجار کەباس لە خوێندنگا دەکەین ئەو ناوەندە هەستیارەمان دێتەوەبیر کە دەتوانێ داینەمۆی گەلێك گۆڕانکاری وئالوگۆڕبێت. کەوایە ئەوجا پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆ دەبێ خوێندکاران وماموٚستایانی کوردستان بە نیگەرانی وناموٚی یەوە چاو ببڕنە ئایندەو هەست بە نائومیدیەك بکەن لە توانایەکانی خۆیاندا بۆ بنیادنانی ئەو گۆڕانکارانکاریانە و بەرهەمهێنانی بەنەوەیەکی تەندروستدارو معریفی و چەکدار بە زانست ؟ ! دواتر زیاتر دێینەوە سەر نیشاندانی ئەو هۆکارانە، بەلام بالێرەدا ئاوڕێکی خێرا لە کۆسپە سەرەکیەکانی سەرڕێی خوێندنکاران وماموٚستایان وخوێندنگاکان بدەینەوە.

بەر لە هەرشتێك دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە 12 ساڵ بوو خوێندن و خوێندکاران بووبوونە قوربانی هەڵواسراوی باردۆخی سیاسی کوردستان وشەڕی ناوخۆی حزب ولایەنەکان وگەمارۆی ئابوری، گەلێك فاکتۆری تر بەهاو جێگەو ڕێگەیەکی بۆ خوێندن و علم و معریفە نەهێشتەوەو. لەپاڵیشیاندا دیوەزمەی مەترسی گەڕانەوەی بەعس بووەو سێبەری گیانمان و لێمان جیا نەدەبووەوە . لەبیرمانە ئەو دەورانە پۆل پۆل ماموٚستایان وگەلێك لە قوتابیەکانیان لەبەردەم چایخانەو شوێنە گشتی یەکاندا پاکەت و شقارتەیان دەفرۆشت و بە شۆفێری و قاچاخچی یەتی نان و بژێویەکی مەمرەو مەژی خۆیان و منداڵەکانیان دابین دەکرد.

سەیرەکە لەوەدایە کە جیهانی پاش لە گۆڕنانی بەعس بۆ ماموٚستایان لە ڕووی ئابوری یەوە گۆڕانێکی وا بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینی ئەوەندە نەبێت لە سایەی باشتر بوونی کولیەتی وەزعەکەوە ئەوانیش هەناسەیەکیان وەبەردا هاتبێتەوەو یان دروستر بڵێن بە گیرفانی بەتاڵەوە گەڕاونەتەوە نێو پۆلی قوتابخانەکان وئەمجارەیان غەمی پەیداکردنی نان وسووتەمەنی و ئاوو کارەباو تەماتەو سەهۆل باری گران کردون. کێشەی هاتووچۆو کرێ نشینی و چوونە سەرەوەی ئاستی چاوەڕوانیەکانی منداڵەکانیشیان با لەو لاوە ڕاوەستێ. ئاخر دەبێت چاوەڕوانی لە ماموٚستایان چیبێت بۆ پیگەیاندنی نەوەیەك و پەرەپێدانی علم ومعریفەت و زانست ، لە کاتێکدا کە نە وەزارەتی پەروەردەو نەهیچ نیهادو لایەنێکی تر هەبێ بەرپرسیاریەتی خۆی نیشان بدات لە پەیوەند بە دەستەبەر کردنی دواین لیکۆلینەوەی سایکۆلۆژی وزانستی و دراساتی هەنووکەی لەسەر شێوازەکانی فێرکردن وبارهێنان وپەروەردەکردن. دەستەلاتی بەعس ئەوەی کردبوو بە ئەقل و فەرهەنگ کە ماموٚستا کاتێك کە تەخروج دەکات ئیتر بەڵگەنامەی وانە ووتنەوەی لە بەر باخەڵدایەو ئامادەیە بۆ پێ گەیاندنی (( جیلی نوێ )). ئەمڕۆ کە باس لە کۆمەڵگای مەدەنی و تەندرستیدار دەکرێت، بێ گۆمان ماموٚستایانیش چاو بە خۆیان و هەگبەکانیاندا دەخشێنەوە هەڵوێستە دەکەن لە ئاست ئەو زانستەی کە پێ یانە. بەلام کاتێك ئاستی بژێوی ژیانی بەجۆرێك بۆ دیاری کرابێ کە لە بەرامبەر بە دەستەبەر کردنی پیداویستی یەکانی جگەر گۆشەکەیدا هەست بە بارگرانی ونیگەرانی بکات وخۆ ئەگەر بەهاری تەمەنی لە هەرەتی لاویەتیدا بێت، ئەوا دوور نیە کە پەیدا نەبوونی سەرپەنایەك بێتە هەوێنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو خێزانەی کە دوێنی پێکیهێناوە. ئەوە با هەندێك کێشەو گیروگرفتی بنچینەی تر لەولاوە بووەستێ کە لەبازنەی دەرەوەی ژیان و دەستەلاتی ماموٚستایاندایە کە بەدڵنیای بەبێ بنبڕکردن و چارەسەرکردنیان خەون بینین بە بنیادنانی کۆمەلگایەکی مەدەنی وخوێندنگایەك کە لەسەر بنەمایەکی عادلانەو سکۆلار بنیاد نرابێت، قسەکردن لەسەر بەرهەم هێنانی نەوەیەکی سالم و شارستانی لە فەرمایشتیکی پۆچەڵ زیاتر مانایەکی تری نی یە.

له كوردستانی عیراق دا پاش 14 ساڵ له دەستەلاتداریەتی ئەحزابی قەومی و تەنانەت پاش لەگۆڕنانی بەعس، هێشتا دین له دەولەت وخویندن و پەروەردەکردن جیانەکراوەتەوە. كه بیٚ گۆمان ئەمە یەكێك له گەورەترین كێشەكانی سیستەمی خویندن و پەروەردەیە لەم کۆمەڵگایەدا. بەدەر لەوەی كه تا ئێستا چەند باجی ئەم حاڵەتەماندواەو چەند زیانمەندبووین لیٚ ی. هاوكات درێژەپێدانی ئەم سیستەمە گورزێكی كاریگەرتر دەدات له پایەكانی بنیادنانی کۆمەلگایەكی مەدەنی. بۆیە به دڵنیای یەوە هەر هەوڵ وتەقەلایەك بۆ چاكسازی و(( گۆرانكاری )) هێشتا هەر كورت دەهێنیت وناتوانیت وەلامدەرەوە بێت به ناوەڕۆكی كێشە سەرەكیەكانی سیستەمی پەروەردەو فێركردن. مەسەلەیەكی تر ڕیشە كێشكردنی هەموو سوونەت وداب ونەریت ورەوشت و ئەقلیەتی بەعس و بەعسیزمە له بواری پەروەردەو فێركردندا. كه ئەمرۆ خوێندكاران و مامۆستایانی كوردستان لەهەر سەردەمێك زیاتر زەجر دەبەن لەو فەرهەنگ و ئاساوارانەی كه بەعس به میرات بۆ دەستەلاتەكانی پاش خۆی بەجێهێشت.

خاڵێكی تری گرنگ كەئەمرۆ قورسایەكی زۆری لەسەر ژیانی مامۆستایان وخوێندكارانە، ئەو گەندەڵی وفەساد ودزی ڕاوڕوتەیە كه سەراپای دامو دەزگاكانی حزب وحكومەت ودەستەلاتی تەنیوەتەوە. بیٚ دەلیل نی یە كه یەكێك له جەماوەری ترین شیعارەكانی خوێندكاران ومامۆستایان لەیەك ساڵی ڕابردودا دژ به گـــــەندەلـــــی وفەســــادی سیاسی وئیداری بوو. ئەگەر ئێستا ئاوڕێك لەو كێشەو گیروگرفتەكانە بدەینەوە كه بەرۆكیان به مامۆستایان وخوێندكاران گرتووەو سەرنج له دەوری خەباتكارانەیان بدەین و بەراوردی بكەین لەگەل ئاستی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەكانی یەك ساڵی ڕابردو بەڕۆشنترین شێوە هەست بەوە دەكەین كه تووێژی مامۆستایان وخوێندكاران لەیەك ساڵی ڕابردودا پیٚ یان ناوەتەوە قۆناغێكی نویٚ لەخەبات وتێكۆشان وەك بزوتنەوەیەكی جەماوەری فراوان هەزاران كەسی له دەور كۆبووەتەوەو به شێوەیەكی پڕ شانازی شارستانیانە هاتووتە مەیدانی پێداگرتن بۆ بەدەستهینانی ماف وئازادیەكانیان وهەڵپێچانی ئەو گەندەلی وفەسادە سیاسی وئیداریەی كه بووتە ڤایرۆزی له نیوبردنی ژیانی مەدەنی كۆمەلگا. كه بێگۆمان به كردنەوەی خوێندنگاو قوتابخانەكان دەبێت مامۆستایان وخوێندكاران خۆیان ئامادە بكەنەوە بۆ دەورەیەكی تر له ناڕەزایەتی دەربڕین وخۆپیشاندان ومانگرتن وپەرەپیدان بەهەموو شێوازو ڕەوشتە شارستانیەكانی تری خەبات بۆ ژیانێكی باشتر. به تایبەت ئەمە لەكاتێكدایە كه ئەزموونی دەوڵەمەندی یەك ساڵی ڕابردو هەر له خوێندكارانی زانكۆ تا مامۆستایان، فەرمانبەران، ماف پەروەران ڕژانە نێو شەقامەكان و پیٚ یان لەسەر دابینكردنی ژیانێكی باشتر داگرت.

هاوكات لەگەل ئەم جموجۆڵانەدا بزوتنەوەیەكی جەماوەری فراوان بەمەبەستی فشارهێنان بۆحكومەت ودەستەبەركردنی خواست و داواكاریەكانیان كەوتە ڕیٚ وسەرئەنجام خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەكانی چەند مانگی ڕابردو له شارو شارۆچكەكانی كوردستان و بەتایبەت له ڕانیە و كەلار له لایەكەوە گیانی هاوپشتی وهاوخەباتی خەڵكی كوردستانی چەند بەرابەر بردە سەرەوەو لەلایەكی تریشەوە زەمینەی هەرچی زیاتر فراوان بوونەوەی خەباتی جەماوەری گەشەپیدا. بۆیە به دلنیای یەوە دەبیٚ به شێوەیەكی ووردو وشیارانە مامۆستایان وخوێندكارانی كوردستان تاوتویٚ گرفتەكانی خۆیان بكەن و یەكگرتوانە ڕیزی هاودڵی وهاوخەباتیان فراوان بكەنەوەو شێوازو میكانیزم وئەولەویەتەكان دیاری بكەن وخۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەكی جدی وسەرتاسەری ئامادەبكەن. ئێستە جێگەی خۆیەتی كه ئاوڕێك له دیاری كردنی یەكەمین هەنگاوەكانی دەست بەكار بوونی خەباتی مامۆستایان بكەین. لەمبارەوە دەبیٚ ئەوە بڵێن كه جیاواز له وویست ئارەزووەكانی مامۆستایان، ئەمرۆ شەڕێك بەرۆكی به مامۆستایان گرتووەو خۆی خزاندوەتە نێو ماڵەكانیانەوە، بەبیٚ دەرپەراندنی ئەو شەڕە له نیو مال وقوتابخانەكانیان ، بەدلنیایەوە ناتوانن هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بنێن. ڕێگەبدەن بەنەفەس درێژی یەكی زیاترەوە هەلوێستەیەك لەسەر ئەم شەڕەو ئاكامەكانی بكەین و بزانین خۆ ئامادە كردن بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەویە جەوهەریترین مەسەلەیەكە كه بەرۆكی به مامۆستایان گرتووە .

مـــــژدەو ســــزاكەی ئێوە دوو دیوی دراوێكن !

هەمووما‌ن ئاگادارین كه له درێژەی ناڕەزایەتی دەربڕینەكانی مامۆستاندا كار بەوە گەشت كه له سەروبەری كۆتای هاتنی ساڵی خوێندنا خۆپیشاندانێكی شكۆدار لەلایەن مامۆستایانەوە بەرپاكرا كه تێدا هەزاران مامۆستا بەشداریان كرد. سەرباری هەڕەشەو گوڕشەكانی وەزارەتی پەروەردەو به تایبەتی (( یەكیەتیە موبارەكەكەی مامۆستانی یەكیەتی نیشتمانی كاری گەیان بەوەی كه نەك هەر ژێر به ژێرو لەڕێگەی پیاوانی دامودەزگاكانی خۆیانەوە بەڵكو هەڕەشەی نانبڕینیان كرد له هەموو ئەو مامۆستایانەی كه بەنیازن له خۆپیشاندانەكاندا بەشداری بكەن. بەلام كاتێكیان زانی كه هەزاران مامۆستا بیٚ گوێدانە هەڕەشەو گوڕەشەكانی ئەوان خۆپیشاندانێكیان كرد كه بووە جێگەی قسەو باسی هەموو خەڵكی كوردستان. ئیدی بەناچار بایاندایەوەو له هەوڵی ئەوەدابوون كه خۆیان به چمكی ناڕەزایەتی دەربڕینەكاندا هەڵبواسن و وانیشان بدەن كه ئەوە ئەوانن بوونەتە دەمڕاستی مامۆستایان و هەر ئەوانیش كه لەڕێگەی دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بانگەوازی بەرئەنجامەكانی خۆپیشاندانەكە وەك دەستكەوتیكی خۆیان ڕابگەیەنن.

بۆیه له یادمانه که هات وهاوارو جاروجەنجالی مـــژده مـــژده دواین کوێره دێ ی کوردستانی تەنیەوەو دنیایەك بەڵێنی بێ بەهایاندا که نەك هەر وەك بلقی ژێر ئاو سەرکەوت بەڵکو سەرئەنجامی به تۆڵه سەندنەوەو سزادانی مامۆستایان کۆتای هات. ئەوەبوو کەبڕیاری سزای 100 مامۆستا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوه بەڕەزامەندی وئیشراف (( یەکیەتی یه دلسۆزەکەی مامۆستایان)) دەرکرا. بەپێ ی نووسراوەی ژماره 189 وەزارەتی پەروەرده که له 20 تەمووز دەرچووه، سزای 100 مامۆستا دەدرێت که ماوەی دوو ڕۆژ لەسەرەتای مانگی حوزەیران مانیانگرت. بەشێك له بڕیارەکه دەڵێ (( لەبەر ئەوەی ئەم ناوانەی خوارەوه ناوو ناونیشانیان هاتووه، هۆکارو ئاستەنگ بوون لەبەردەم بەڕێوەچوونی ئاسایی کاروباری پشکنین و وردبینی قوناغی ناوەندی ( 2004 – 2005 ) بۆ خولی یەکەم، دوور له گیانی بەرپرسیاریتی وئەرکی سەرشانی مامۆستاییەوه، لەسەر بڕیاری فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێ ئەو دەستەلاتەی پیماندراوه بڕیارماندا به : 1 – سزای سەرنج ڕاکێشانیان بەرەوڕوو بکرینەوه.2– بۆ ماوەی دوو ساڵ له کاروباری پشکنین و وردبینی تاقیکردنەوه گشتیەکان دوور بخرێنەوه)).
بۆ نا ، هەموو شتێك لەم وولاتی قەدەرەدا دەبێت . کاتێك که خوێندکارانی زانکۆی سەلاحدین بۆ پشگیری کردن له داخوازیەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی دەکەونەڕێ ،ڕێیان پێ نەدان ئاسانه بەتەقه لێکردن وبریندارکردن پاشەکشەیان پێ کردن . کاتێك که فەرمانبەران خۆیان بۆ خۆپشاندان ئامادە دەکەن، به هەڕەی دەرکردن ونانبڕین بڕیارەکەیان هەڵدەوەشێنەوه. کاتیك که شۆفێرەکانی بەردەم ئەنجومەنی وەزیران چۆڵ ناکەن و پێ لەسەر جێ بەجێ کردنی داخوازیەکانیان دادەگرن، به زەبری تەقه لێکردن ودەستگیرکردنی 12 کەسیان کۆتای بەخۆپیشاندانەکەیان دەهێنرێت. کاتێك که خەڵکی سلیمانی و پەنابەرانێك که لەو دەڤەرەدا دەژین بۆ داکۆکی کردن لەمانگرتنه سەرتاسەریەکەی 16ی ئاب له کوردستانی ئێران هاتنەمەیدان، ئاسایشی سلیمانی لوتفیان کردو لەباتی برادەرانی ( ئەمنیەت و سوپای پاسداران ) به زەبری تەقه بلاوەیان به خەڵکه کرد. کاتێك که خەڵکی کەلار بۆ دابین کردنی ئاو کارەباو دژ به گەندلی و فەساد دەڕژێنه سەرشەقامەکان وناڕەزایەتی خۆیان دەردەبڕن، به دەلیلی ئەوەی که ((ئاژاوەگێرانێك)) لەو خۆپیشاندانەدا بەرد دەگرنه دارو دیوارەکەی قایمقامیەت، ئاسامان کەچ دەبێت ئەوانیش مەردانه دێنه دەست و سەرئەنجام 30 کەس بریندار دەبێت. جا ئیتر مامۆستایان بۆ ناڕزاین ؟ گلەی چی دەکەن خۆ لەپای ئەو خۆپیشانەدا نه کەسیان لێ زیندانکردن و نه بەتەقه وەلامیاندانەوەو نه له گوڵێك کالتریان به کەس ووت. حکومەت و وەزارەتی پەروەرده به شێوەیەکی زۆر شارستانیانەو به بڕیاریکی دیاری کراوی یاسای له کۆی ئەو چەند هەزار خۆپیشاندەرانه تەنها 100مامۆستایان سزادا. تراژیدیاکه ئەوەیه له جەرگەی یەك به یەکی ئەم ڕوداوانەدا دەزگاکانی راگەیاندنی حزب و حکومەتەکەیان به ئەندازەیەك شانازی بەئەزموونی دیموکراسی ئەم دەڤەرەوه دەکەن، به تەمان به ئیزنی خواو جەنابی سستانی ئەو نعمەتەی خوایه که ڕژاوه بەسەر خەلکی عیراقدا، حکومەتی ئایندەی عیراق لەسەر ئەساسی ئەم ئەزموونه شیرینه تەبنی دەکەن و هەموو ناوچەکانی تریش به بەرەکەتی ئەم ڕەوشتانه متوربه دەکەن. جەنابینه ئێوه ڕاستدەکەن ئازادی ودیموکراسی هەیە، ئێوه ڕاستدەکەن لەم دەڤەرەدا بەهاو حورمەتی ((ئینسان)) پارێزراوه. بەلام دیموکراسی وئازادی بۆ کەسانێك هەیه که ئۆبال بەگەردنبن ومۆری تەید بدەن له سیاسەت و بڕیارەکانتان. بۆ کەسانێك کەملکەچی فەرمانەکانتانبن وچاو له لاڤاوی دزی وگەندەڵی وفەسادی سیاسی وئیداریتان بنووقێنێ، بۆ کەسانێك که قبوڵی هەزارو یەك قەیدوبەند بکەن لەسەر ئازادی هەلسورانی سیاسی ئازادی بیرورا دەربرین، ئازادی رەخنەگرتن، ئازادی مانگرتن وخۆپیشاندان ...! ئەگەر ئەم جەنابانه تەنها بۆ ساتێکی زۆر کورت له بازنەی بیرکردنەوەی لەقالبدراوی بەرژەوەندی حزبایەتی خۆیاندا بێنه دەرەوه ، دەبینن لەو بازنەدا چ کاڵتەجاریەك چ فریوکاریەك چ ئەقلیەت و میراتی کام حزب و دەستەلاتی پێش خۆتان قورسای دەکات بەسەر کار و ڕەوشت وسوونەتەکانتانەوه. ئاخر کلاوی خۆتان بکەنه قازی ئێوه له ماوەی یەك ساڵی ڕابردودا دەنگی شەقام و نارەزایەتی دەیان هەزار کەستان خسته خانەی ئاژاوەگێرو تەنها به پشتیوانی ئەو چەمك و لۆژیکانەی که خۆشتان دڵنیان له بێ ئەساس بوونیان. قسەکه ئەوەیه ئەگەر بەڕاستی حکومەت ودەستەلاتێك له لوتکەی ڕووقامیدا نەبێت، تەقەکردن لەخۆپیشاندەران وگرتن و زیندانی کردنی مخالفینی سیاسی دەکاته پیشەو ڕەوشتی خۆی و هێشتا هەر شانازی به دیموکراسی بوونی دەستەلاتەکەیانەوه دەکەن ؟ ئاخر بەدەر لەوەی که ئازادی بەیان تەنها ئازادی قسەکردن نی یه، یا تەنها ئازادی نووسین و ووتاربێژی نی یه.... ئازادی مانای چی یه ئەگەر بێت و ئینسانەکان ئازاد نەکریت له دەربڕینی بیروراو هەڵوێست وئەقلیەتی خۆیان بەهەر شێوەیەك کەبتوانێت ئاوینەی ڕەنگدانەوەی بیروڕاو بوونی کەسایەتی ئینسانەکان بێ ؟.
بۆیه دیاره لێرەدا قسه لەسەر دابینکردنی ئەو ئازادیەیه بۆ چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەلگا...ئازادیش بەدی نایەت هەتا ئەمنیەت وسلامەتی وبژێوی وژیانێکی ئینسانی بۆ خەڵکی ستەم لیکراو مسۆگەر نەکرێ. وەختێك دەڵێن ئازادی بەیان مەبەستمان له بوونی ئازادی بۆ چین وتوێژەکانی خوارەوەی کۆمەلگایه، که بەهەر شێوەیەك بیانەوێ هەست ونەست و دیدگاو بۆچوونەکانی

خۆیان دەربرن و هیچ کەس ولایەنێك سەرزەنشتی نەکات و ڕووبەڕووی هیچ بایکۆت وسانسۆرێك نەکرێتەوە. ئەگینا دیارە حزب و سەرکردەو دەستەلاتداران نەك هەر ئازادن، بەڵکو هندێ جار ئازادی وەك نوقل و بادەم دەبەخشنەوە. سەرمایەدران وکۆنە بەعس و مستەشارو سەرك هۆزو عەشیرەت وشیخ ومەلا ئازادن. ئەوە خوێندکاران ومامۆستایان وکریکاران و زەحمتکیشان ونوسەرانی بە هەڵوێست و هەلسوڕاوانی سیاسی مخلفتانن کە باجی نەبوونی ئازادی دەدەن و بە سزاو لێدان وتەقە لێکردن و زیندانی کردن ونان برین وەلامیان دەدریتەوە. بۆیە هەقیقەت ئەوەیە تەنها ڕێگەیەکیش کە بۆ چین وتوێژەکانی خوارەوە مابێتەوە درێژپێدان بە خەبات تێکۆشان ویەکگرتووی و هاوپشتی وهاوخەباتی یە. تەنها ڕێگە ئەوەیە کە شەڕی داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بکریتە ئامانجی هاوبەشی هەموو ئەو کەس وچین وتویژانەی کە بە کردەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ماف و ئازادیەکانیان بەرتەسکتر دەکرێتەوە بۆیە ژیان وگوزەرانیشیان لەبەردەم ئاستەنگی ومەترسیەکی واقعی دایە. ماوەتەوە بڵێن لە ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەو خوێندنگاکاندا دەبێ لەیادمان بێ ئەگەر مامۆستایانی کوردستان ئەو بڕیارو هەڕەشانەی حکومەت و وەزاراتی پەروەردە بێ وەلام بهێڵنەوە، بەدڵنیای سەختی و پاشەکشەیەکی زیاتریشیان بەسەرا دەسەپێنن. دە با مامۆستانی کوردستان جارێکی تر لەدەوری یەك کۆبنەوەو داستانی ژیانی تاڵیان بکەنە هەوێنی نارەزایەتی دەربرینێکی سەرتاسەری تا ئەمجارەیان بەرهەمی هاتنە مەیدانیان مــــــــژدەیەکی واقعی بێت بۆ ژیانی خۆیان ومندالەکانیان ، نەوەك لەبەردەم ســــــــزای گەورەتردا ڕاوەستن !

2005 / 9 / 14